
# دەسەڵاتی کوشندە
# لەکۆمەڵگەی دیکتاتۆرە بچوکەکاندا




تازەترین کتێبی نوسەرو رۆشنبیر (ئاسۆ جەبار) کەوتە بەر دیدەی خوێنەران، ئەم کتێبە لەدوتوێی (370)لاپەڕەدا بە تیراژی (3.000) دانە کە لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤانە لەسلێمانی، کە پێکهاتووە لە وتارو رەخنەو لێکۆڵینەوە لەبارەی دەسەڵاتی کوشندەو رۆشنبیری کوشندەو کۆمەڵگەی خامۆش.

ئاسۆ جەبار لەم کتێبەدا پێمان دەڵێت: "ئەو دەسەڵاتانەی بانگەشە بۆ دیموکراسیەت دەکەنو هوتاف دەکێشن بۆ مافی مرۆڤو بەڵێنی وەهمی بە هاولاتیان دەفرۆشنەوەو فڕیان بەدنیای مۆدێرنەوە نیە لەدەسەڵاتە دیکتاتۆرو ستەمکارەکان کوشندەترن."

"دەسەڵاتی کوشندە تەنها دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری یان ستەمکاری یان تۆتالیتاری نیە، بەڵام بەشێکی جیانەکراوەیە لەو دەسەڵاتانە، روحێکی گەورەی هەژمونگەرو سەروەرە لەپشت ئەو دەسەڵاتانەوە کە ماشێنیکی گەورەی بیرکەرەوەو داریژەرو داگیرکردنە، دەسەڵاتێکە بۆ خەساندنی ژیانو کۆمەڵگە، هاوکات دەسەڵاتێکە بۆ بەرپاکردنی کاریزمایەکی گەورەی چاودێرکردنو کۆنترۆڵکردنی کایەو پێکهاتە کۆمەڵگاییو کولتوریو سیاسیو ئابوریو رۆشنبیرییەکان."